https://doi.org/10.54809/jkss.vi7.289

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# دیدگای شیکاری دەروونیی «ژاك لاکان» بۆ خۆشەویستیی

**پ ی د ئازاد حەمە عبدالله**

**بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق**

azad.hama@univsul.edu.iq

## پوختە:

ەم توێژینەوەیە کۆششێکە لەبارەی دیدگای شیکاری دەروونیی «لاکان» بۆ خۆشەویستیی. لە توێژینەوەکەدا بناغەکانی چەمکی خۆشەویستیی لە شیکاری دەروونیی «لاکان» لەبەرچاو گیراوە و دواتر بەرەو تێڕوانینە فەلسەفییەکانی «لاکان» پەرەپێدراوە. هاوکات دیدگای شیکاری دەروونیی «لاکان» بۆ خۆشەویستیی لە پەیوەندیدایە بە ئارەزوو، کەمیی Lack (نوقسانیی)، پێویستیی، خواست، نائاگایی وەک بنەمای زمان، نەرسیزم Narcissism و بە سیستەمی شیکاری دەروونیی «لاکان»یشەوە، کە لە سێ لایەن پێکدێت: ریال، وێنایی (خەیاڵیی) و هێمایی. لە کۆتاییدا باس لەوە ئەکەین، کە بنەمای خۆشەویستیی لە شیکاری دەروونیی «لاکان» دا ئەوەیە، کە «»ئەو شتە بدەیت کە تۆ نیتە.“ ئەمە بەشێکی سەرەکییش لە هەوێنی ئەم توێژینەوەیە پێکئەهێنێت. لێرەدا و بە مەبەستی گەیشتن بە دیدگای گشتگیر و گشتیی لەبارەی پرسی شیکاری دەروونیی ژاک «لاکان» بۆ خۆشەویستیی، هەوڵدراوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە: ئایا شیکاری دەروونیی «لاکان» شتێکی بەرجەستەمان دەربارەی خۆشەویستیی بۆ ئەخاتە بەردەست؟ ئایا چییەتی خۆشەویستیی لە شیکاری دەروونیی «لاکان» دا وێنەیەکمان لەسەر مێتۆدی شیکاری دەروونیی «لاکان» تایبەت بە ئارەزوو پێ ئەڵێت؟ ئایا بابەتی کەمیی لە شیکاری دەروونیی «لاکان» دا دیاردەی خۆشەویستیی دیاری ئەکات؟ هەروەها لە توێژینەوەکەدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک، گرنگترینیان، ئەوەیە، کە توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ باسکردنی تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی خۆشەویستیی لە شیکاری دەرروونناسیی «لاکان»، کە لە کارەکانی «لاکان»دا بەرچاو ئەکەون، هەروەها خۆشەویستیی بەپێی شیکاری دەرروونناسیی «لاکان» خۆشەویستییەکی ئاڵۆز و قووڵە و ئەگەر پێش «لاکان»یش شیکاری دەروونیی باسی خۆشەویستیی کردبێت، ئەوا لە رێگای «لاکان»ەوە شیکاری دەروونیی وردتر لە خۆشەویستیی ئەدوێت. هەرچی ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکەیە لەوەدا خۆی پوختئەکاتەوە، کە خۆشەویستی فریودەرە و بریتییە لە پێدانی ئەوەی مرۆڤ نییەتی.

**کلییلە وشەکان: شیکاری دەروونیی ژاک «لاکان»، خۆشەویستیی، ئارەزوو، پێویستیی، کەمیی، خواست، نائاگایی.**

Recieved: 12/6/2023
Accepted: 22/6/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

ژاک «لاکان» Jacques Lacan (١٩٠١-١٩٨١)، تەنیا شیکارێکی دەروونیی فەرەنسایی نییە، بەڵکو هزرەڤانێکی بواری شیکاری دەروونیی رۆژئاوایە و لە مێژووی شیکاری دەروونییشدا ناوێکی دیارە و، بە وتنەوەی وانە و سازکردنی سیمینارە هەفتەییەکانی گۆڕانکاریی بەرچاوی لە شیکاری دەروونیی دا کردووە و، شیکاری دەروونیی فرۆیدی بردووەتە قۆناغێکی تر و، رەهەندێکی فەلسەفییانەشی بە هزری فرۆید داوە و هەربۆیە پێی ئەڵێن فرۆیدی فەرەنسا. جگە لە شیکارێکی دەروونیی، فەلسەفە و زانستی زمانیش بە دوو بواری بەپیتی کارکردنی «ژاک لاکان» دائەنرێن.

بەپێی شیکاری دەروونیی «ژاک لاکان» بێت، خۆشەویستییکردن واتە بەخشینی ئەو شتەی، کە نییتە و ئامانجیش لەم خۆشەویستییە خۆشەویستبوونە. خۆشەویستیی ئارەزووە بۆ خۆشەویستبوون. دروستبوونی خۆشەویستییش لەسەر بناغەی ئارەزوو، دروستبوونیەتی لەسەر بناغەی کەمیی، Lack(نوقسانیی). ئەو خۆشەویستییەی لێرەدا توێژینەوەی لەبارەوە ئەکەین ئەو جۆرە خۆشەویستییە «لاکان»ییەیە، کە هەستی کەمیی لە کەسەکە درووستی ئەکات. هەستی ئەوەی ئەو شتەت نییە، کە ئەیکەیت، جا ئەوە خۆشەویستی بێت یان شتێکی تر. کەسەکە ئەبێت کەمییەکی (نوقسانییەکی)تیدابێت و پێی وا بێت ئەو کەمییە بە گەیشتن بە ئەویتر پڕئەبێتەوە. بەمجۆرە «لاکان» لە تیۆری خۆشەویستییدا ئەو تێگەیشتنەمان لا درووست ئەکات، کە ئەو کەسەی خۆشەویستیی ئەکات لە کەمبوونی خۆشەویستییەوە بەرەو ئەویتر ئەچێت، کە پێویستیی بە خۆشویستنە، ئەوەی خۆشبویسترێت پاڵنەرە و درووستکەری کردەی خۆشەویستییە. لەم تێرڕییەدا پێویستیی سەرچاوەی خۆشەویستییە. هاوکات لای ««لاکان»» خۆشەویستیی ئەچێتە خانەی سیستەمی هێماییەوە و چرکەیەکیشە لە نائاگایی. ئەو کەمییەش، کە پاڵنەری خۆشەویستییکردنە بەشێکە لە نائاگایی. ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی، کە لە شیکاری دەروونیی «لاکان» دا زمان پێکهاتەیەکی نائاگاییانەی هەیە.

کێشەی توێژینەوەکە: کێشەی توێژینەوەکە لە چەند پرسیارێکدا خۆی پوخت ئەکاتەوە: لەسەر چ بناغەیەک گەڕانەوەی «ژاک لاکان» بۆ فرۆید توانیویەتی دیدگای شیکاری دەروونیی ژاک «لاکان» بۆ خۆشەویستیی بگۆڕێت؟ هەوەها ئەم توێژینەوەیە ئەوەشی بەلاوە گرنگە، کە ئایا شیکاری دەروونیی «ژاک لاکان» شتێکی خستووەتەسەر خودی تیۆری شیکاری دەروونیی لەبارەی خۆشەویستییەوە؟ ئایا خۆشەویستیی لە شیکاری دەروونیی ژاک «لاکان» دا وێنەیەکی تەواومان لەسەر پەیوەندی سێکسیی و رۆمانسیی ژن و پیاو، یان خود و ئەویتر بۆ ئەخاتەڕوو؟

ئامانجی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە، کە تایبەتە بە دیدگای شیکاری دەروونیی ژاک «لاکان» بۆ خۆشەویستیی، دوو ئامانجی گرنگ لەخۆئەگرێت. ئامانجی یەکەم بریتییە لەوەی، کە ئەم توێژینەوەیە گەڕانە بەدوای بیرکردنەوە لە خۆشەویستیی بە شێوازی شیکاری دەروونیی و فەلسەفیی «لاکان». هاوکات لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بیرکردنەوەی شیکاری دەروونییانەی «لاکان» لەسەر دیاردەی خۆشەویستیی پەرەی پێ بدرێت و دەشخوازین بزانین دیدگای شیکاری دەروونیی ژاک «لاکان» لەژێرکاریگەریی ئەو تێگەیشتنە «لاکان»یەی پێیوایە خۆشەویستیی ئەو شتەیە، کە نیتە و ئەیدەیت بەرەو کوێ ئەچێت.

مێتۆدی توێژینەوەکە: لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا مێتۆدی شیکاری بەکاربراوە هەتا لە رێگای شیکارکردنی

دیاردەی خۆشەویستییەوە کار لەسەر فەلسەفەی شیکاری دەروونیی ژاک «لاکان» بکەین و ئەوەش بخەینەروو، کە خودی مێتۆدی «لاکان» ڕەوتێکی شیکاریی هەیە.

گرنگی توێژینەوەکە: گرنگیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕۆشنایی خستنەسەر شێوەی کارکردنی خۆشەویستیی لە شیکاری دەروونیی «لاکان» دا. هەروەها لە توێژینەوەکەدا لەسەر ئەو لایەنەش ئەوەستین، کە ژاک «لاکان» تەنها شیکارێکی دەروونی نییە، هزرڤان و شارەزاشە لە زانستی زمان و فەلسەفە. لە ڕێگای شیکاری دەروونیی «لاکان»ەوە بە زۆرێک چەمکی نوێی بواری شیکاری دەروونیی (سێستەمی هێمایی،کەمیی، پێویستی، ئارەزوو، خود) ئاشنا ئەبین، کە لە ریشەدا تێهەڵکێشکراون بە چەمکە دەروونییەکانی فرۆید(چەپاندن، نائاگایی، ئیگۆ، ئەویتر، غەریزە)، بۆیە توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ گفتوگۆی شیکاری دەروونیی ژاک «لاکان» بۆ خۆشەویستیی لە پەیوەندی بە سێستەمی هێمایی،کەمیی، پێویستی، ئارەزوو و خودەوە.

گریمانەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە ئەکات، کە لە شیکاری دەروونیی «لاکان» دا ئارەزوو بۆ خۆشەویستیی لە پەیوەندییدایە بە خواست و پێویستییەوە. ئەمە و لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر ئەو لایەنەش ئەکرێت، کە خۆشەویستیی بریتییە لە بەخشینی شتێک کە نیمانە.

پەیکەربەندی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیی و سێ بەش و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێک دێت. لە بەشی یەکەمدا لە ڕێگای دوو باسەوە قسە لە دەستپێکی هزریی شیکاری دەروونیی «لاکان» و پەیوەندی بە میراتی شیکاری دەروونیی فرۆید ئەکەین. لە بەشی دووەمدا بەهۆی چوار باسەوە لێتوێژینەوە ئەکەین لە لاکانیبوونی چەمکی خۆشەویستیی و ڕەوتی شیکاری دەروونیی ژاک «لاکان» تایبەت بە پێویستی و خواست. لە کۆتا بەش دا لەمیانەی دوو باسەوە کەمیی و ئارەزوو لە خۆشەویستییدا گفتوگۆ ئەکەین. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: «لاکان» و میراتی شیکاری دەروونیی فرۆید

### باسی یەکەم: دەستپێکی هزریی شیکاری دەروونیی ژاک «لاکان»

ژاک «لاکان» پاش خوێندنی بەشی پزیشکیی لە زانکۆی پاریس لەژێرسایەی هێنری کلۆد Henri Claude، کە پزیشکێکی دەروونیی و دەمارناسێکی ناسراوی فەرەنسایی ئەو دەمە بووە، پسپۆریی کردووە لە پزیشکیی دەروونی Psychiatry. کەواتە «لاکان» لەیەک کاتدا شیکاری دەروونیی و پزیشکیی دەروونیی بووە. لەماوەی ساڵانی ١٩٨١-١٩٥٣ دا لە زانکۆی پاریس سەرقاڵی سێمینارسازکردن بووە، سێمینارەکان نزیکەی ٢٧ بازنە بوونە، هەر هەفتە و سێمینارێک وتراوەتەوە و هەر بازنەیەکیش ناوێکی هەبووە و وتنەوەشیان ساڵێکی خایاندووە، کە دواتر لەژێر ناوی نووسینەکان Écrits کۆکراونەتەوە و چاپکراون(Adrian, ٢٠١٣). هەموو ئەمانەش بناغەیان بۆ ڕێبازی شیکاری دەروونیی ژاک «لاکان» داناوە.

لە کتێبی «کێ لە «لاکان» دەترسێت؟» بیرمەندی سویدی واڵنشتاین ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات، کە ناوی «لاکان» پەیوەستە بە چەندین ناوزەدنانی سوورەوە: پێشبینیی، تێنەگەیشتن و هەڵوێستی پیاوسالاریی. ئەمەش ئەتوانێت ترسێکی دیاریکراو درووست بکات پێش ئەوەی «لاکان» دەست بۆ تیۆرییەکانی بەرێت.

راستە «لاکان» وەک بیرمەندێکی ئەبستراکت ئەخرێتەروو، کە سەرنجی لەسەر پێکهاتە و مۆدێل و شیکاری زمانەوانیی هەیە، بەڵام راستییەکە ئەوەیە، کە سێمینارەکانی «لاکان» زۆرجار پەیوەندییان بە رەنگدانەوەی جەستە، دەستلێدانی جەستەیی، هەستەکان و چۆنیەتی کاریگەریی ئەم دیاردانە لەسەر خودگەرایی و پەیوەندییەکانمان بە ئەوانی ترەوە هەیە (Wallenstein,٢٠١٧).

شایانی باسە، «لاکان» لە ساڵانی ١٩٣٠ کاندا هاوڕێی زۆرێک لە هونەرمەندە سوریالییەکانی پاریس بووە: ئاندرێ بریتۆن، پێکاسۆ، دالی(Adrian, ٢٠١٣) و لە فەلسەفە شیکارییە دەروونیەکەشیدا لە گەڕانەوەی بەردەوام بوو بۆ سێ بیرمەندی گەورەی رۆژئاوا: هێگڵ، فرۆید و سوسێر. تێزی دکتۆراکەی «لاکان»، کە لە بواری پزیشکیی لە ساڵی ١٩٣٢ دا نوسراوە، تایبەتکراوە بە بابەتێک بەناوی: «لەبارەی شێواویی دەروونیی پارانۆیی لە پەیوەندی بە کەسایەتییەوە» De la psychose paranoïaque dans ses rapports avec la personnalité (Lacan ,١٩٧٥ ). لێرەوە «لاکان»، پاش ئەو تێزە ئەکادیمییەی، دەرگای کارکردنی پزیشکی دەروونیی بۆ ئەکرێتەوە و ئەو نەخۆشانەش لە نەخۆشخانە پزیشکییە دەروونییەکانی پاریس چارەسەر ئەکات، کە دووچاری شێواویی دەروونیی( سایکۆسز psychosis) بوونە. ئەمانە ئەو جۆرە ناساغان، کە توانای بیستن و بینینی ئەوەیان هەیە، کە مرۆڤی تەندرووست نییەتی (Gelder,٢٠٠٥, ١٢). پاش ئەم ماوەیە «لاکان» سەرقاڵی شیکاری دەروونیی ئەبێت، کە ئەکات ماوەی جەنگی جیهانی دوو.»لاکان» لە ١٩٦٤ دا قوتابخانەی فرۆیدی پاریسی درووست ئەکات و پێش مردنیشی، لە١٩٨١، ناوی قوتابخانەکە بۆ «قوتابخانەی دۆزی فرۆیدی École de la cause freudienne » ئەگۆڕێت و زاواکەشی ئەبێت بە سەرۆکی(Roudinesco,٢٠٠٩).

سەرباری ئەوە، دەستپێکی هزریی شیکاری دەروونیی «لاکان» لە وانەکان و نووسینەکان Ecrites و سێمینارەکانی پێکدێن، کە بەشێوازێکی تیۆری ئاڵۆز، پێشکەش نەکراون، بەڵکو بەجۆرێکی سەرپێی و گفتوگۆئامێزانە. لە بەشێکی زۆر لە سێمینارەکانی شتێکی دیاریکراوی لەبەردەستدا نییە بۆ خوێندنەوە. شتی سەرپێی باس ئەکات و دواتر هەر ئەوانە ئەبنەوە سەرەباسی سەرەکیی بیرکردنەوەی. ئەمە وایکردووە «لاکان» خۆی بە شتی تیۆری ئامادەکراو نەبەستێتەوە. ئەگەرچی لە وانەکاندا بناغەیەکی تری بۆ شیکاری دەروونیی داناوە، لێ گەرانەوە بۆ فرۆید دروشمی سەرەکیی «لاکان» بووە.

## باسی دووەم: گەڕانەوەی «لاکان» بۆ فرۆید

میراتی شیکاری دەروونیی فرۆید لەسەر دەستی «لاکان» لە فەرەنسا نوێبوونەوەیەکی هزریی بەخۆیەوە ئەبینێت. وەکی تریش شیکاری دەروونیی فرۆید بەشێکە لە وتاری لێکدانەوەی رۆژئاوا، کە پاش مەرگی فرۆید لەسەر دەستی دەروونناسەکان بە چەند ئاقارێکدا براوە و خودی شیکاری دەروونیی «لاکان»یش دیارترین ئاقاریانە، کە لەم توێژینەوەیەدا لەسەری ئەوەستین و بۆ ئەوە مەبەستەش بابەتی گەڕانەوەی «لاکان» بۆ فرۆید دەکەینە بناغە بۆ گفتوگۆکردنی چارەنوسی میراتی شیکاری دەروونیی فرۆید لە پاریس. سەرەتای شیکاری دەروونیی «لاکان» لە گرنگییدان بە لێکدانەوەی شیکاری دەروونیی فرۆید دەستپێئەکات، ئەمەش بۆ ساڵانی ١٩٣٠ ئەگەڕێتەوە، کە ئەو دەمە «لاکان» لە پاریس هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ گەرانەوە بۆ فرۆید (Roudinesco Le retour à Freud,١٩٩٠). بڵاوکردنەوەی نووسینەکان Écrits ی «لاکان» لە ١٩٦٦

دا رێگای لەبەردەم «لاکان» کردووە، کە وەک خوێنەرێک و شیکارکەرێکی فرۆید ناوی بڕوات. هەر ئەوەش نییە رۆڵی «لاکان» لە ژیانی شیکاری دەروونیی فەرەنسی، بەڵکو ئەوەشە، کە «لاکان» لەبەرئەوەی رەهەندی فەلسەفیی لە هزری دەروونناسی فرۆید دا دۆزیوەتەوە لەیەک کاتدا بە پزیشکی دەروونیی و فەیلەسوفیش ناوزەد ئەکرێت. ئەمەش وا ئەکات «لاکان» ببێت بە بەشێک لە دیاردەی روناکبیریی فەرەنسایی، وتاری فەلسەفیی بنەماخوازیی، بیرکردنەوەی رەخنەیی و فەلسەفەی کۆنتنێنتال(٢٠١٣,Adrian). کەوابێت سەرکەوتنی «لاکان» لە فەرەنسا وەک دەروونشیکارێک تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، کە لە گەرانەوەدا بووە بۆ فرۆید، بەڵکو بەزۆری بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کە «لاکان» خۆی لە فەلسەفە نزیک کردووەتەوە. فەلسەفە (کۆژێڤی هێگلناس، هێگل، هایدیگەر، سارتەر، باتای، تا ئەگاتە بلانشو و مالارمێ و شار) شانبەشانی زانستی زمان و شیکاری دەروونیی فرۆید هاریکاربوون، کە «لاکان» بە ئاسانی بێنێتە ناو ژینگەی روناکبیریی فەرەنسابییەوە. «لاکان» لە ژینگەیەکی پاریسیی فەلسەفیی دێکارتی دا گەشەی کردبوو، بۆیە دێکارت ئەو کاریکەرییەی لەسەر روناکبیریی فەلسەفیی»لاکان» دانەنابوو تا فرۆید. ئەم بیرمەندە فەرەنساییە لە ١٩٥٢ دا دەستیکرد بە بانگەشەکردن بۆ ‹گەڕانەوە بۆ فرۆید ) ١٩٩٢Reeder). ئەم گەڕانەوەیەی «لاکان» بۆ فرۆید نەک تەنیا بۆ «لاکان»، بەڵکو بۆ خودی شیکاری دەروونیی رۆژئاواییش گرنگیی خۆی هەبووە. گەڕانەوەکەی «لاکان» بۆ فرۆید بۆ دووبارە خوێندنەوەی دەقەکانی فرۆید و دەربازکردنی فرۆید بووە لە دەروونناسی کلاسیک و ئەو شێواندنەی شیکاری دەروونیی پاش فرۆید دووچاری بوو. لەم گەڕانەوەیەدا ئەوەی بۆ «لاکان» گرنگ بوو پاراستن و بەرەوپێشەوە بردنی نائاگایی بوو(Bowie, ١٩٩١).

«لاکان» لە وتاری شیکاری دەروونیی خۆیدا باوەرێکی زۆری بە نائاگایی فرۆید هەیە و پێشیوایە ئەوەی فرۆید کردویەتی داهێنانێکە لە بواری شیکاری دەروونیی دا. ئەوەی بۆ «لاکان» لە تیۆریی نائاگایی فرۆید گرنگە ئەوەیە، کە نائاگایی بەو جۆرەی فرۆید دۆزییەوە جیایە لەو جۆرە نائاگاییەی پێش فرۆید باس ئەکرا. هاوکات ئەو نائاگاییەی فرۆید باسی ئەکات، بەپێی «لاکان»، هەروەک زمان بنەما Structure ی هەیە(٢٠٠٨,Grigg). بەمجۆرە نائاگایی زمانە و خەونیش وەک هەموو تێکستێکی تر شایانی خوێندنەوەیە(Jacobus, ٢٠٠٥). لەبەرئەوەش، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی زمانەوانییە و نائاگاییش بنەمایەکی زمانەوانیی هەیە (٢٠١٨,Gulliksson, ٥٠)ئەمە وایکردوە «لاکان» لە رێگای نائاگایەوە گەلێک لە چەپێنراوە سێکسییەکانی مرۆڤ لێکباتەوە.

«لاکان» گرنگییەکی زۆری بەو بابەتە شیکارییە دەروونیانە لە شیکاری دەروونیی فرۆید دا یاوە (هێما، زمانی نائاگایی،...)، کە نەوەی یەکەمی دوای فرۆید و فرۆیدییە چەپەکان گرنگییان پێ نەیاوە. بۆیە لایەنێک لە لایەنەکانی شیکاری دەروونیی «لاکان» گرێدانەوەی مۆدێلی شیکاری دەروونیی فرۆیدە بە مۆدێلی زمانەوانیی سویسری فێردیناند دۆ سۆسێر Ferdinand de Saussure. «لاکان» ئەمەشی بەکاربردووە بۆ لێکدانەوەی زمانی ناساغ و نائاگایی. بەپێی «لاکان» نائاگایی دۆزراوێکی فرۆیدیە و کارکردن لەسەری بۆ بەرەوپێشەوەبردنی شیکاری دەروونیی فرۆید گرنگیی خۆی هەیە، کە ئەمەش دواتر لە توێژینەوەکە گرنگیی خۆی بۆ توێژینەوەی دیاردەی خۆشەویستیی هەیە. «لاکان» سێ کوچکەکەی فرۆیدی (من، ئەویتر، منی باڵا) بۆ سێ کوچکەیەکی تر گۆڕیووە: هێمایی symbolique، خەیاڵییimaginaire (وێنایی)، ریال

réel . ئەمانە لەناو هەرەمی شیکاری دەروونیی «لاکان»دا سیستەمێکی تۆکمەی یەکانگیر پێك ئەهێنن، کە کاردانەوەی لەسەر شیکاریکردنی دیاردە ناساغەکانیش هەیە . «لاکان» لە گەڕانەوەکانیدا بۆ فرۆید ئەیزانیی رەخنە ئەکرێت، بۆیە پێشیوابوو، کە خودی شیکاری دەروونیی شتێکی داخراو نییە و چارەسەریش گەڕانەوەی بەردەوامە بۆ خودی فرۆید. هاوکات گەڕانەوەی «لاکان» بۆ فرۆید سەرنج خستنەسەر دەقە رەسەنەکانی فرۆیدە و رەخنەیەکی ریشەییشە لە دەروونناسیی ئیگۆ (Jacobus، ٢٠٠٥).

سەرئەنجام، «لاکان» پێداگیریی ئەکات، کە گەڕانەوە بۆ فرۆید ئەتوانێت تاکە مۆدێلی رەوا لە شیکاری دەروونیی دابیین بکات( Macey ١٩٩٤,)-و، گومانیشی ناوێت، شیکاری دەروونیی رۆژئاوایی پاش مەرگی فرۆید پێویستیی بەم شێوە گەڕانەوە «لاکان»ییە هەبوو بۆ پەرەدان بە شیکاری دەروونیی فرۆید. ئەوەی «لاکان» لەوبارەیەوە کردوویەتی بریتییە لە سێمینارەکانی، کە پاش خۆی لەلایەن زاواکەیەوە ژاک-ئالێن میلێر Jacques-Alain Miller کۆکراوەتەوە، بەڵام تائێستاش توێژەرانی بواری شیکاری دەروونیی «لاکان» پێیانوایە، کە گشت ئەوەی «لاکان» وتوونی وەک خۆی نەگەیشتووەتە بەردەست خوێنەران.

## بەشی دووەم: خۆشەویستیی و رەوتی شیکاری دەروونیی ژاک «لاکان»

### باسی یەکەم: لاکانیبوونی چەمکی خۆشەویستیی

بەشێک لە توێژەرانی بواری شیکاری دەروونیی سرووشتی خۆشەویستی لەم فۆرمە جیاوازانەدا پوخت ئەکەنەوە: وابەستەبوون، هاوڕێیەتیی، سەرنجڕاکێشان، ئارەزووکردن و خۆشەویستیی رۆمانسیی، هەموو ئەمانە بیرمەند و نووسەران قسەی جیاوازیان لەبارەوە کردووە(Foiles, ٢٠١٨). ئەمە وا ئەکات، توێژەرێکی لاکانی بپرسێت: بۆچیی زۆر کەس لەگەڵ یەک پێناسەی خۆشەویستییدا نین؟ بۆچیی سادیستەکان ناتوانن لە رێگەی توندوتیژیەوە خۆشەویستیی خۆیان پیشان نەیەن؟ بۆچیی مەسیحییەکان دراوسێی خۆیان خۆشئەوێت لە کاتێکدا بۆ هەندێک ئەمە بێمانا دەرئەکەوێت؟ بۆچیی کەسانێک هەن لە پێناو خۆشەویستییدا بکوژن و کەسانێک هەن ئامادەن ژیانی خۆیان بە ناوی خۆشەویستییەوە ناوبنێن؟ بە واتایەکی تر وا دیارە خۆشەویستیی تا ئەو رادەیەی کە گەردووناوییە، بەهۆی ئەزموونە تایبەتەکانەوە تەماویی ئەکرێت، کە مرۆڤەکان بە شێوازی جۆراوجۆر پێناسەی ئەکەن(Demandante, ١٠٣,٢٠١٤).

قسەکردنی «لاکان» لەسەر خۆشەویستیی سەرچاوە ئەگرێت لە شیکاری دەروونیی، فەلسەفە و زمانەوانییەوە، بۆیە پێناسەی کلاسیک و گشتیی مرۆڤدۆستانە و جەوهەرگەراییانەیە بۆ خۆشەویستیی، ئەبینین چەمکی خۆشەویستیی لە ویستی ئازادی کەسی مرۆڤدا چەقبەستوو ئەکات. ئەم جۆرە پێناسەیە بوونی دوو توخمی بنەڕەتی (خود و بابەت، ئەم و ئەوی تر)ئەگەیەنێت، کە پێکەوە خۆشەویستیی پێک ئەهێنن، کە ئەوەش لە خود Subject ، کە خۆشەویستە Lover و ئەوی ترێک، کە بابەتە Object، یان خودی خۆشەویستیی خۆشەویستە، پێکهاتووە. ئەوەی جێی باسە لەم پەیوەندییە دا ئەوەیە، کە خۆشەویست بەرەو خودی بابەت Object ی خۆشەویستیی خۆی ئەڕوات، کە ئەوی ترە( Ibid ١٠٢,).

سەرباری ئەوە، یەکەم هەوڵەکانی «لاکان» بۆ روونکردنەوەی بابەتی خۆشەویستیی ئەتوانرێت لە دوو سێمیناری سەرەتاییدا بدۆزرێتەوە، کە بریتییە لە سێمیناری I و II. ئەمە هەر ئەو دەمەیە، کە«لاکان»

کاری لەسەر دووبارە خوێندنەوە و بنیاتنانەوە و روونکردنەوەی بیرکردنەوەکانی فرۆید کردووە. تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە کێشە هەرە چارەنووسسازەکانی شیکاری دەروونیی، وەک گواستنەوە Tranference، خۆشەویستیی و نەرسیزم Narcissism، ئەبینین»لاکان» لە شیکاری دەروونییەکەیدا ئەم سێ لایەنە بە دیاردەی خەیاڵیی (وێنایی‌imaginaire) ئەناسێنێت(Ibid, ١٠٨). سەرباری ئەوە، شوێنەکانی قسەکردنی «لاکان» لەبارەی خۆشەویستیی زۆرن، لە سێمینارە سەرەتاییەکانی»لاکان» ەوە دەستپێئەکات تا کۆتا وانە هزرییەکانی.

سەرەتای خۆشەویستیی بەبۆچوونی «لاکان»، کە لە بنەرەتدا بۆچوونێکی فرۆیدییشە، بۆ مناڵیی مناڵ ئەگەڕێتەوە. ئەوەش لە رێگای پەیوەندیی کۆرپە بە داکییەوە. ئەمە بەردەوام ئەبێت تا قۆناغی ئاوێنە stade du miroir، کە لێرەوە خود Ego پێک یەت. قۆناغی ئاوێنە چرکەی خۆبینینی مناڵ خۆیەتی لە ئاوێنە. کارکردنی «لاکان» لەسەر قۆناغی ئاوێنە بە بەشێکی گرنگ دائەنرێت لە مێژووی شیکاری دەروونیی «لاکان». چونکە ئەم قۆناغە بۆ «لاکان» ئاماژەیە لەسەر گەشەی عەقڵی مناڵ (Lacan١٩٧٧,). قۆناغی ئاوێنە لای «لاکان» نوێنەرایەتیی لایەنێکی بنەڕەتی پێکهاتەی خودگەرایی subjectivity ئەکات. «لاکان» ئەم قۆناغە لەنێوان شەش مانگ بۆ هەژدە مانگ لە ژیانی مناڵ جێگیر ئەکات (Evans, ١٩٩٦, ١١٧-١١٩). مناڵ دوای ئەوەی خۆی لە ئاوێنەدا ئەبینێت، ئەوەی لە ئاوێنەکەدایە بە رکابەری خۆی ئەزانێت. لەم قۆناغەوە مناڵ وێنەی ناو ئاوێنەکە وەک هەرەشە بۆ سەر خودی خۆی تەماشا ئەکات. لێرەوە گرژییەکی شەڕانگێزانە لە نێوان خود و وێنەکەدا درووست ئەبێت (Ibid).

گومانی ناوێت ئەم قۆناغە لەگەڵیا خۆشەویستیی نەرسیسیش Narcissist پێک یەت و دواتر ئەو خۆشەویستییە ئاراستەی تر وەرئەگرێت و پابەندیش ئەبێت بەو سێ لایەنەوەی لای سەرەوە ئاماژەپێکرا: هێماییSymbolic، خەیاڵیی(وێنایی)Imaginary، ریاڵ Real. «لاکان» بۆ ئەوەی ئەم سێ لایەنە شیبکاتەوە گرێیان ئەداتەوە بە سێ چەمکی سەرەکییی ترەوە، کە تێگەیشتنی «لاکان» بۆ خۆشەویستیی درووست ئەکەن: خواست، پێویستیی، ئارەزوو. بەمجۆرە، «لاکان» سەرەتا خۆشەویستیی لە رووی وێنەیەکی نەرسسییەوە پێناسە ئەکات، کە مادەی ئایدیالی ئیگۆ پێک ئەهێنێت، کە سووژە ئارەزووی ئەوە ئەکات خۆی بە شێوەیەکی خوازراو ببینێت.

«لاکان» لە شیکاری دەروونییەکەیدا بۆ خۆشەویستی راستیی ئەو ورێنە باوە ئاشکرا ئەکات، کە خۆشەویستیی بریتییە لە یەکبوون لەگەڵ خۆشەویست(ئەوی خۆشمان ئەوێت) یان ئەو کەسەی خۆشەویستی ئەکات. بۆ «لاکان» ئەوە خودی خۆشەویستییە راستییەکانی ئەو دووانە ئاشکرا ئەکات. بەپێی «لاکان» ئێمە تەنیا یەکین، بێگومان هەمووان ئەزانن، کە ئەو دووانە هەرگیز نەبوون بە تەنها یەک، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ‹ئێمە تەنها یەکین.› بیرۆکەی خۆشەویستیی بەوەوە دەست پێ ئەکات، کە شتێک نییە بە ناوی یەک، چونکە خودی بوونی یەک ورێنەیە. ئەوەی کەسەکان وەک یەک ئەیبینن هیچ نییە جگە لە سەرابێک لەوەی، کە ئەیانەوێت بیبینن بە پشتبەستن بە وێنەی خۆیان. جگە لەوەش شتێک نییە بەناوی ئەو یەکە چونکە زۆرن. «لاکان» ئەڵێت: ئەو کەسەی هەمووان بەردەوام باسی ئەکەن، پێش هەموو شتێک سەرابێکی ئەو کەسەیە، کە تۆ باوەڕت وایە خۆتیت. چەند کەسێک هەن کە تۆ حەزت لێیە، ئەوان بەو

راستییە ئاشنان، کە هیچیان بە هیچ شێوەیەک لە هیچ کام لەوانی تر ناچن..... بە پێچەوانەی باوەڕی باو، جەوهەری خۆشەویستیی، جەوهەرێکی کۆ و هاوتا نییە، بەڵکو جەوهەرێکی جیاوازە و خۆشەویستیی تەنها بۆ قەرەبووکردنەوەی نەبوونی پەیوەندیی سێکسی بوونی هەیە(Lacan, S٢٠,٤٤). «لاکان» بە درێژایی بەرهەمەکانی پێداگیریی دەکرد لەسەر هەبوونی ئەویترێکThe Other لەناو پرۆسەی خۆشەویستییدا و هاوکات دەیوت یەکبوون مەحاڵە (٤٧-Lacan, S٢٠,٤٤). ئەمەو بۆ نموونە زۆرجار خەڵک باسی یەک One (دانە)ئەکەن، ئەو یەکەی هێشتا لە شوێنێکدا لە گەشتی ژیاندایە و بەدوای Object ێک، یان بەدیهێنانی خەونێک دا ئەگەڕێت و جارێ نەیدۆزیوەتەوە. کەسێک، کە خۆشەویستیی ئەکات چاوەڕێی ئەوە ئەکات لەگەڵ Object ی خۆشەویستییدا یەکبگرێتەوە تا خۆشبویسترێت(Demandante, ٢٠١٤,١٠٣). بەم شێوەیە ژیانی خۆی ئەکاتە سووتەمەنیی بۆ ئارەزووی ئەویترێک. ئەم ئەویترە لەناو پرۆسەی خۆشەویستیی «لاکان»ی، بۆ توێژەران و پسپۆران لە هزری شیکاریی دەروونیی»لاکان» جێگای باسە.

«لاکان» پێیوایە ناتوانرێت شتێکی مانادار یان عەقڵانیی دەربارەی خۆشەویستیی بوترێت (Lacan, S٨, ٥٧)و ئەو ساتانەش مرۆڤ دەست ئەکات بە قسەکردن لەسەر خۆشەویستیی، روو لە گەمژەیی ئەنێت( ١٧,Ibid). هاوکات «لاکان» ئەوەشمان پێ ئەڵێت، کە تاکە شتێک دەروونشیکار لە کاتی چارەسەری شیکارییدا ئەیکات قسەکردنە لەسەر خۆشەویستیی(Lacan,S ٢٠, ٧٧).

«لاکان» خۆشەویستیی بە جۆرێک لە فریودان، سەراب، وێنەیەکی درۆینە ناوئەبات، کە وڕێنە نییە، بەڵکو خەیاڵییە Imaginary. ئەمە بەو مانایە یەت، کە تێڕوانینی مرۆڤ بۆ خۆشەویستیی درۆیە. «لاکان» لەو باوەڕەدایە، خۆشەویستیی لە بنەڕەتدا فێڵکردنە و دیدگاکەی لەسەر خاڵە ئایدیاڵەکە وەستاوە. ئەوەتا، کەسێک، کە خۆسەویستیی ئەکات ئەڵێت: «»من شوێنێک لە ئەوی تردا درووست ئەکەم، کە ئەوی تر لێیەوە ئەمبینێت، لەو فۆرمەی کە حەزم لێیە ببینرێم“( Demandante, ١١٠).

بۆ «لاکان» مانای خۆشەویستیی بەردەوام وەک هەموو ئاماژەکان دەرئەکەوێت و شوێنیش بەخۆی ناگرێت. «لاکان» خۆشەویستیی بە زمانەوە گرێ ئەداتەوە و بە شێوەیەک باسی ئەکات جیاوازە لەوانەی پێش خۆی قسەیان تیاکردووە (Ibid, ١٠٣). ئەمە وائەکات بوترێت: خۆشەویستیی کردەیەکە کاریگەریی خۆی لە کایەی هێمایی یان کایەی زمان دا هەیە و ناتوانرێت لە سنوورێکی دیاریکراودا قەتیس بکرێت، چونکە ئۆبژەی خۆشەویستیی بەردەوام ئەخلیسکێت. بۆ «لاکان»، ژنێک چیتر ناتوانێت متمانە بە قسەکانی پیاوێک بکات، کە پێی ئەڵێت «خۆشمئەوێیت»، چونکە رەنگە پیاوەکە مەبەستی شتێک بێت بە تەواویی جیاوازە لەوەی، کە ئەو پیاوە بە زمان ئەیخاتە ڕوو(Ibid).

کاتێک «لاکان» ئەڵێت خۆشەویستیی هەمیشە هاوبەشە، ئەم وتەیە بۆ شیکارێکی دەروونی وەک ژاک ئالێن میلێر دووبارە و سێبارە ئەکرێتەوە بەبێ ئەوەی بە پێچەوانەوە تێبگەین. ئەو وتەیەی، کە ئەڵێن بەسە کەسێکت خۆش بوێت، مانای ئەوە نییە ئەویش تۆی خۆش بوێتەوە. ئەوە شتێکی بێمانایە وا بوترێت. واتە: «ئەگەر خۆشم بوێیت، ئەوە لەبەر ئەوەیە، کە تۆ شایەنی خۆشەویستییت. بەڵێ من ئەو کەسەم، کە خۆشم ئەوێیت، بەڵام تۆش بەوەوە بەستراویت، چونکە شتێک لە تۆدا هەیە، کە وا ئەکات من خۆشم بوێیت. خۆشەویستیی من بۆ تۆ کاریگەری ئەو خۆشەویستییەی لەسەرە، کە تۆ بۆ من هەتە»(Miller,٢٠١٣).

بەم شێوەیە تۆ بەشداریت لەم خۆشەویستییە. هاوکات میلێر ئەڵێت: «خۆشەویستیی من بۆ تۆ تەنها کاری من نییە، بەڵکو هی تۆشە. خۆشەویستیی من شتێک دەربارەی تۆ ئەڵێت رەنگە خۆت نەزانیت.» تەنانەت گەرەنتی ئەوەش ناکات، کە خۆشەویستیی کەسێکی دیاریکراو بە خۆشەویستیی لایەنی بەرامبەر وەڵام بدرێتەوە. کاتێک ئەمە رووئەدات هەمیشە لە ریزبەندی موعجیزەیەکدایە و ناتوانرێت پێشوەختە حیسابی بۆ بکرێت (Ibid).

کاتێک لە ژاک ئالێن میلێر ئەپرسن خۆشەویستیی راستەقینە مانای چییە؟ لە وەڵامدا ئەڵێت خۆشەویستنی کەسێک بە راستیی واتە باوەڕت بەوە هەبێت، کە بە خۆشەویستیی، ئەگەیتە خودی راستەقینەی خۆت. ئێمە ئەو کەسەمان خۆش ئەوێت، کە وەڵامی ئەم پرسیارە باتەوە: «من کێم؟» (Demandante,٢٠١٤,١٠٩)). وەکی تر، خۆشەویستیی هەمیشە بەدوای وەڵامدا ئەگەڕێت لە کەسی بەرامبەر دا. جگە لەوەش ئەو وەڵامەی سووژە بەدوایدا ئەگەڕێت، وەڵامێکە لە پەیوەندی لەگەڵ خودی خودگەرایی خود دا.»خۆشویستنی کەسێک بە راستیی ئەوەیە، کە باوەڕت بەوە هەبێت بە خۆشویستنی، ئەگەیتە راستییەک دەربارەی خۆت.»( Ibid) ئەمە ئەوەیە، کە خۆشەویستیی هەوڵێکە لەلایەن خودێکەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەمییەی، یاخود پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە خودی خۆیدا هەیە.

سەرباری ئەوە، ژاک ئالێن میلێر وەک راڤەکاری هزری شیکاری دەروونیی «لاکان» پێیوایە، کە زۆرجار «لاکان» ئەیوت:»خۆشەویستیی ئەوەیە شتێک بدەیت، کە بەدەستت نەهێناوە(Lacan, S XX, ٧٥). ئەم بەدەستنەهێنانە هیچە. لێرە هیچ Nothing ئەو شتەیە، کە ئەدرێت. هەروەها خۆشویستن ئەوەیە ئەو شتە بدەیت کە نیتە. ئەوەش مانای ئەوەیە: خۆشەویستیی بریتییە لە درککردن بە ناتەواویی خۆت و بیدەیت بە ئەویتر، تەسلیمی ئەوی تر بیت. قسە لێرەدا لەسەر بەخشینی ئەو شتە نییە، کە هەتە، وەک کەلوپەل و دیاریی، بەڵکو لێرە باس لە بەخشینی شتێکی جیاوازە، کە تۆ نیتە، شتێک، کە لەڕێگەی خۆتەوەیە. بۆ ئەوەی ئەوە بکەیت ئەبێت ناتەواویی خۆت گریمانە بکەیت، یان خۆت نەزۆک بکەیت، وەک فرۆید وتوویەتی. ئەمەش لە بنەرەتدا ژنانەیە. مرۆڤ تەنیا لە پێگەیەکی ژنانە ئەتوانێت بە راستیی خۆشەویستیی بکات. خۆشەویستیی ژنانەیە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە، کە هەمیشە خۆشەویستیی لە پیاودا تا رادەیەک کۆمیدییانەیە(Miller,٢٠١٣).

بەپێی ئەوەی لای سەرەوە بێت، خۆشەویستیی «لاکان»ی بریتییە لە بەخشینی ئەوەی، کە تۆ نیتە. کاتێک مرۆڤ دەست ئەکات بە خۆشەویستییکردن، ئەو شتەی، کە ئەبێت پێشکەشی خۆشەویستەکەی بکات، ئەوەیە کە شتێک لە ژیانیدا نەماوە بیداتە خۆشەویستەکەی و بۆشاییەکانی پربکاتەوە. ئەم تێگەیشتنە «لاکان»ییە بۆ خۆشەویستیی ئەوەیە، کە شتێک بەین، نییە، شتێک وەرگرین، کە نییە. ئەویتریش ئەو خۆشەویستییە پەسەند ئەکات، تا شتێک وەربگرێت، شتێک نییە. بەمجۆرە خۆشەویستیی پڕکردنەوەی پێویستییە. تا زیاتر ئاگاداری ئەوە بین، کە کەمییمان هەیە زیاتر بەدوای ئەو کەسەدا ئەڕۆین کە پێمان وایە ئەتوانێت کەمییەکەمان بەدی بهێنێت. بەپێی دیدی شیکاری دەروونیی جۆناتان فۆیلێسFoiles Jonathan راگەیاندنی خۆشەویستیی بە قووڵیی لاوازمان ئەکات، وەک هەر کەسێک، کە لە دۆخێکی لەو شێوەیەدا بووە، ئەتوانێت بە ئاسانی شایەدی بات. ئەوەی بە کەسێکی تر بڵێیت خۆشت ئەوێت، دانپێدانانە بەوەی،

کە تۆ ناتەواویت و ئەویتریش هیواخوازە، کە تۆ بتوانیت پێویستییەکانی پڕ بکەیتەوە(٢٠١٨,Foiles).
دیلان ئێڤانس-لە راڤەکارییەکانی بۆ هزری «لاکان» تایبەت بە خۆشەویستیی ئەگات بەوەی، کە فێڵ ئامرازی خۆشەویستییە(١٩٩٦,Evans)، "تراویلکەیەکی گەشاوەیە، کە جەوهەرەکەی خەڵەتاندنە"(Lacan, S١١, ٢٦٨)، یان خۆشەویستیی وەک فێڵێک وایە، چونکە پەیوەستە بە پێدانی ئەوەی، کە نیتە (Lacan, S٨, ١٤٧). خۆشەویستیی ئاراستە ناکرێت بەرەو ئەو کەسەی، کە ئۆبژەی خۆشەویستیی هەیە، بەڵکو بەرەو ئەوەی کە پێویستی پێیە، بەرەو ئەو هیچبوونەی کە لێی تێ ئەپەڕێت. بەهای بابەتەکەش زیاد ئەکات لەگەڵ زیادبوونی توانای پڕکردنەوەی ئەم پێویستییە(Lacan, S٤, ١٥٦).
لەسەر بنەمای لێکدانەوەکانی دیلان ئێڤانس بۆ تێگەیشتنی «لاکان» بۆ خۆشەویستیی، خۆشەویستیی وڕێنەیەکی فریودەرانەی تێکەڵبوونە لەگەڵ خۆشەویست (ئەو کەسەی خۆشمان ئەوێت) (١٩٩٦,Evans)، کە قەرەبووی نەبوونی ئەگەری هیچ پەیوەندییەکی سێکسی ئەکاتەوە. ئەمەش بە تایبەتی لە کاراکتەری ئەو خۆشەویستییەدا دەرئەکەوێت, کە سێکسی تیا نییە((Lacan, S٢٠,٤٤, ٦٥.

## باسی دووەم: گواستنەوە Tranference

شیکارکەری دەروونیی ئەبێت بزانێت خۆشەویستیی هەستێکی فریودەرانەیە و ئەتوانێت کارەساتێکی دەروونیی لەناو شیکاریدا درووست بکات. ئەگەر مرۆڤ بیەوێت لێکۆڵینەوە لە چەمکی خۆشەویستیی «لاکان»بکات، پێویستی بەوەیە کار لەسەر کردەی خۆشەویستیی لەناو خودی گوتاری شیکاری دەروونییدا بکات. ئەمەش بەزۆریی لەبەرئەوەی، کە لە شیکاری دەروونییدا باسی خۆشەویستیی لە پەیوەندییدایە بە چەمکی گواستنەوەوە. خۆشەویستیی وەک خۆشەویستیی گواستنەوە تەماشا ئەکرێت. ئەمەش بە پلەی یەکەم لە تۆماری خەیاڵییدا دەرئەکەوێت(٢٠١٤,Demandante ). ئەم تۆمارە لەنێوان دوو کەسدا رووئەدات: شیکارکەری دەروونیی و نەخۆش، یان ئەو کەسەی چارەسەر ئەکات و ئەوەش، کە یەتە لای شیکارکەری دەروونیی.
فۆیلێس پێیوایە، کە چەمکی گواستنەوە لە سێمیناری هەشتەمی «لاکان» دا گرنگییەکی زۆری ئەدرێتێ(٢٠١٨,Foiles) و بەگشتیش ئەم چەمکە لە شیکاری دەروونیی «لاکان» دا گرنگیی خۆی هەیە بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی خۆشەویستیی. لە شیکاری دەروونیی «لاکان» دا گواستنەوە دیاردەیەکە، کە پێ ئەچێت مرۆڤ هەستەکانی، یان ئارەزووەکانی پەیوەست بە کەسایەتییەکی گرنگ لە ژیانیدا- وەک دایک و باوک بەرەو کەسێک ئاراستە بکات ئەو کەسە نییە. لە چوارچێوەی شیکاری دەروونی و فۆرمەکانی چارەسەری پەیوەندییدارەدا، وا بیرئەکرێتەوە نەخۆش هەستی خۆی ئەگوازێتەوە لە کەسێکەوە، کە پێشتر هەبووە بەرەو کەسێکی تر، کە چارەسەرکەرە دەروونییەکەیە (واتە شیکارکەری دەروونیی)، کە رەنگە لەسەر بنەمای هەستەکانی رابردووی نەخۆشەکە ئەو هەستانە بە کەسێکی ترەوە تایبەت ئەبێت.
سەرباری ئەوە، ژاک ئالێن میلێر لە لێدوانێکدا لەبارەی خۆشەویستییەوە وای بۆ ئەچێت، کە شیکاری دەروونیی شتێکی زۆرمان فێر ئەکات دەربارەی خۆشەویستیی و بە داینەمۆی سەرەکییشی ئەزانێت لە ئەزموونی شیکارییدا. ئەمە شتێکە پەیوەندیی بەو خۆشەویستییە نائاگایی و ئۆتۆماتیکییەوە هەیە، کە

شیکارکەر بۆ ئەو کەسەی هەیە کە شیکاری دەروونیی بۆ ئەکات analysand (واتە نەخۆشەکە) ، گشت پرۆسەکەش پێی ئەوترێت گواستنەوە. ئەم گواستنەوەیە خۆشەویستییەکی داهێنەرانەیە، بەڵام لە هەمان مادەی خودی خۆشەویستییە راستەقینەکەوە وەرگیراوە و رۆشناییش ئەخاتەسەر میکانیزمی خۆشەویستییەکە: خۆشەویستیی ئاراستەی ئەو کەسە ئەکرێت، کە پێت وایە راستیی راستەقینەی تۆ ئەزانێت. خۆشەویستیی رێگەت پێ ئەیات بیر لەوە بکەیتەوە، ئەو راستییە ئەتوانێت مایەی دڵخۆشیی بێت، یان قبوڵکراو بێت، لە کاتێکیشا ئەو راستییە بەرگەگرتنی زۆر قورسە(٢٠١٣,Miller).

توێژەرانی بواری خۆشەویستیی»لاکان»ی ئەپرسن بۆ ئەمە رووئەدات؟ لە دانیشتنی شیکارییدا کە شیکارکەر لەگەڵ نەخۆش کارلێک ئەکات، هەندێک هەست لەلایەن نەخۆشەوە سەرهەڵئەدەن، کە دواتر بەرەو شیکارکەر ئاراستەوەرئەگرن. بەم پێیە ئەو خۆشەویستیەی لەم دۆخەدا یەتە کایەوە راستەقینە نییە، بەڵکو خۆشەویستییەکی گواستنەوەیە، خۆشەویستییەکە لە وێنەیەکدا خۆی بەرجەستە ئەکات. لاکان پێی وایە ئەم وەهمە رەنگدانەوەی واقیعە، خۆشەویستیی هیچ نییە جگە لە هەستێکی هەڵە، هەستێک کە ئیگۆی خەیاڵیی هێناویەتییە ئاراوە و لەناو ناسنامەی هەڵەدا نیشتەجێیە. هەمیشە، کەسێکم خۆش ئەوێت چونکە عاشقی کەسێکی ترم (Demandante,٢٠١٤, ١٠٦). بەمجۆرە، لەو شوێنەی کەسێکمان خۆش ئەوێت مەیلمان بۆ کەسێکی تر هەیە، لێ لەناو پرۆسەی شیکاری دەروونییدا ئەم مەیلە ئەگوازرێتەوە بەرەو ئەویترێک، کە چارەسەرکەرەکەمانە.

دیلان ئێڤانس پێیوایە، بۆ «لاکان» پەیوەندی نێوان خۆشەویستیی و گواستنەوە بەڵگەیە لەسەر رۆڵی دەستکرد لە هەموو خۆشەویستییدا. «لاکان» لەم رووەوە زۆر جەخت لەسەر ئینتیمای خۆشەویستیی و شەڕانگێزی ئەکاتەوە و بوونی یەکێکیش بەپێویست ئەزانێت بۆ بوونی ئەوی تر. هاوکات»لاکان» ئەم بابەتە بە یەکێک لە گەورەترین دۆزینەوەکانی دەروونشیکاریی لەقەڵەمئەدات(Evans,١٠٥,١٩٩٦-١٠٦). دیلان ئێڤانس هێما بۆ ئەوەش ئەکات، کە خۆشەویستیی لە چارەسەری شیکارییدا لە ئەنجامی گواستنەوەوە سەرهەڵئەدات و ئەم پەیوەندییەی نێوان خۆشەویستیی و گواستنەوەش رۆڵی فریودان لە گشت پرۆسەی خۆشەویستییدا ئەبینێت(Ibid).

## باسی سێهەم: خۆشەویستیی دیاردەیەکی خەیاڵییە (وێناییە)

پێشتریش لە توێژینەوەکەدا ئاماژەپێکراوە، کە «لاکان» دەروونی مرۆڤ لە سێ رەهەند پێکدێنێت: وێنایی(خەیاڵیی) Imaginary، هێمایی Symbolic و ریال Real. یەکەم لە وێنە، درکی رۆحی و هەست پێکدێت. دووەم لە رەهەندی زمانەوانیی هێمایی پێکدێت، کە «لاکان» ناویدەنێت ئەویتری گەورە. هەرچی سێهەمە ئەوە لەخۆدەگرێت، کە دوانەکەی تر ناییێکن(Gulliksson ٢٠١٨,٥٠,). بەپێی ئێڤانس هاوکێشەکە بەم جۆرەیە: خۆشەویستیی خۆ ئیرۆتیکە autorerotic و پێکهاتەیەکی نەرسیانەشی هەیە (Evans,١٠٥,١٩٩٦). هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کە ئیگۆی مرۆڤ، لە دیدگای شیکاری دەروونیی»لاکان، دا لە خۆشەویستییدا دەرئەکەوێت و خودی ئیگۆش لەم حاڵەتەدا لەناو پرۆسەی خۆ خۆشویستندایە(Lacan,S١,١٤٢).

بەپێی ئەوەی «لاکان، خۆشەویستی لە وێنەی نەرسیدا بەرجەستەئەکات، ئەمە وائەکات مادەی ئایدیاڵی

ئیگۆ لێرەوە بێتەکایەوە. ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی، سووژە ئارەزووی ئەوە ئەکات خۆی بە جۆرێکی خوازراو ببینێت. ئەو وێنە نەرسسییە پێگەی ئیگۆی ئایدیاڵی بەهێزئەکات (Salecl ١٩٩٤: ١٩). بەڵام بۆ لاکان خۆشەویستی لێرە ناوەستێت و لە ئایدیاڵەوە بۆ راستەقینە (ریاڵ) دەروات. کەوابێت پەیوەندی نێوان ریاڵ و ئایدیاڵ لە تێگەیشتنی شیکاری دەروونیی لاکان بەهای خۆی هەیە.

گرنگە ئەوەش بوترێت، کە ئەوەی وتنی زمانەوانیی نەخۆش نەیخاتە ژێرکێڤی خۆیەوە دەکەوێتە ناو رووبەری ڕیاڵەوە. ریال ئەو بەتاڵاییەیە لە دەرەوەی سێستەمی هێمایی بوونی هەیە. ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی، رووبەرووبوونەوەی ریاڵ جۆرە رووبەرووبوونەوەیەکی توندی دەروونی پێکدێنێت. کەواتە، خۆشەویستیی پەیوەندییەکی خەیاڵییە، کە بەبێ ئەرکی هێمایی زمان بوونی نییە(Fink, ١٩٩٦). بۆیە خۆشەویستیی لە دەرەوەی قسەکردن بوونی نییە. خۆشەویستیی وەک خەیاڵیی تەنها یەک لایەنی خۆشەویستییە و وەک قۆناغی یەکەمیی بەریەککەوتنی سووژە ئەبینرێت. قۆناغی دووەم خۆشەویستییە لە تۆماری هێماییدا(Demandante,١١٠, ٢٠١٤).

«لاکان» خۆشەویستیی وەک دیاردەیەکی خەیاڵیی ئەبینێت و کاریگەرییەکانیشی لەناو سیستێمێکی هێمادارادا بەرجەستەئەکات (Lacan,S١,١٤٢ ). لە دیدی لاکان خۆشەویستیی پێویستی بە ئاڵوگۆڕیەکی خەیاڵیی هەیە. بۆ؟ لەبەرئەوەی کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە ناو پرۆسەی خۆشەویستییەوە ئامانجی ئەوەیە، کە خۆشبویسترێت» (Lacan,S١١,٢٥٣). ئەم ئاڵوگۆڕە، کە لە نێوان «خۆشەویستییکردن» و «ئەوەشدایە، کە خۆشبویسترێت «وڕێنەی خۆشەویستیی دادەمەزرێنێت و لە کۆمەڵە پاڵنەرەکان جیای ئەکاتەوە؛ پاڵنەر پێویستی بە ئاڵوگۆڕ نییە، بەڵکو چالاکییەکی پوختە(Ibid,٢٠٠). سروشتی خەیاڵییانەی خۆشەویستیی وائەکات «لاکان» بخاتە دۆزێکەوە دژایەتی ئەو دەروونشیکارانەی پێبکات (لەوانەMichael Balint)، کە خۆشەویستیی وەک بەرزترین ئایدیاڵی چارەسەری شیکاری دادەنێن(Evans,١٠٥,١٩٩٦-١٠٦).

## باسی چوارەم: ویست و پێویستی لە خۆشەویستییدا

یەکێک لە گرنگترین ڕەخنەکانی «لاکان» لە تیۆرییە دەروونشیکارییەکانی سەردەمی خۆی ئەوەیە، کە دەبوو چەمکی ئارەزوو لەگەڵ چەمکگەلێکی پەیوەندیداری وەک خواست Demand و پێویستی Need تێکەڵ بکرێت. «لاکان» لە دژایەتی ئەم مەیلەدا پێداگیریی لەسەر جیاکردنەوەی ئەم سێ چەمکە (ئارەزوو، خواست، پیویستی)ئەکات. ئەم جیاکارییە لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە کارەکانی «لاکان» دا دەست بە دەرکەوتن ئەکات(Lacan, S٤, ١٠٠-١, ١٢٥).

سەرباری ئەوە، پێویستی ناواخنێکی بایۆلۆجی هەیە و ئەوە ئەویترە ئەم پێویستییەی سووژە تێرئەکات. ئەڵبەتە هەر ئەوەنەش ئەو پێویستییە هاتەدی ئەم کەسە ئەچێتە قۆناغێکی ترەوە و ئەو پێویستییە ئەبێت بە خواست. کەوابێت پێویستی تەنیا ئەویترێکی پێویستە پریکاتەوە. خۆشەویستییش هەر لەم پێویستییەوە سەرچاوە ئەگرێت، لە منێکەوە بۆ ئەویتر. ئەم گفتوگۆیە بەرەو ئارەزووشمان دەبات. بەپێی شیکاری دەروونیی «لاکان» ئارەزوو ئارەزووە بۆ ئەویتر(Sharpe, ٢٠٠٢ ). بۆئەوەی ئەم ئارەزووە بێتەدی ئەبێت ئەویترێک هەبێت. ئەو ئەویترە وائەکات ئەمیتر خۆشەویست، یان پەسەندکراوبێت(Ibid).

هـاوکات ئـەو کەسـەی خۆشـمانئەوێت لـە نائاگاییمانـدا وێنەیـەک پێکدێنێـت، ئـەم وێنەیـە بـۆ پڕکردنـەوەی پێویسـتی و ئارەزووەکانمانـە. تەنانـەت دوای ئـەوەی «پێویسـتی». کـە لـە خواسـتدا ئامـاژەی پێکـراوە، تێـر ئەبێـت، «خواسـت بـۆ خۆشەویسـتیی» بـە نـاڕازی دەمێنێتـەوە لەبەرئـەوەی ئەویتر ناتوانێـت ئـەو خۆشەویسـتییە بـێ مەرجـە دابینبـکات سـووژە بەدوایـدا ئەگەڕێـت. «ئـارەزو نـە ئـارەزووی تێربوونـە، نـە خواسـتی خۆشەویسـتییە، بەڵکـو ئـەو جیاوازییەیـە، کـە لـە ئەنجامـی کەمکردنـەوەی یەکـەم لـە دووەمـەوە یەتـە ئـاراوە.»(Lacan,١٩٨٨). «لاکان» لـە «نووسـینەکاندا» لـە سـاڵی ١٩٥٨، دارشـتنێکی کـورت بـۆ پێناسـەکردنی «ئـارەزوو» لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ هـەردوو پێویسـتی و خواسـتدا ئەخاتـە ڕوو، لـێ «لاکان» لەوێـدا مـەرج بـۆ ئـەوە دادەنێـت، کـە ئـارەزوو بەرمـاوەی کەمکردنـەوەی پێویسـتییە لـە خواسـت دا(Ibid).

ئـارەزوو زیادەیـە، پاشـماوەیەکە، کـە بەهـۆی خسـتنەڕووی پێویسـتی لـە خواسـتدا بەرهەمدەهێنرێـت : «ئـارەزوو لـەو پەراوێـزەدا دەسـت ئـەکات بـە شـێوەگرتن کـە تێیـدا خواسـت لـە پێویسـتی جیائەبێتـەوە»( Ibid).بـە پێچەوانـەی پێویسـتی، کـە ئەتوانرێـت تێـر بکرێـت، ئـارەزوو هەرگیـز تێـر نابێـت: لـە فشـارەکەیدا بەردەوامـە و ئەبەدییـە. گەیشـتن بـە ئـارەزوو لـە بەدیهێنـان پێکنایـەت، بەڵکـو لـە وەچەخسـتنەوەی وەک خـۆی. وەک سـلاڤۆ ژیژێـک ئەڵێـت «هـۆکاری ئـارەزوو ئـەوە نییـە، کـە بـۆ دۆزینـەوەی ڕەزامەنـدی تـەواو ئامانجەکـەی بەدیبهێنێـت، بەڵکـو ئەوەیـە، کـە خـۆی وەک ئـارەزوو بەرهەمبهێنێتـەوە»(Žižek ١٩٩٧,٣٩,).

## بەشی سێهەم: کەمیی و ئارەزوو لە خۆشەویستییدا

### باسی یەکەم: خۆشەویستیی و ئارەزوو

چەمکـی ئـارەزوو Désir ئـەو زاراوەیەیـە، کـە «لاکان» بەرامبـەر بـە زاراوەی Wunsch ی فرۆیـد بەکاریدەبـات، کـە زۆربـەی وەرگێڕەکانـی کارەکانـی فرۆیـد و «لاکان» بـۆ سـەر زمانـی ئینگلیـزی بـە Desire دایاننـاوە نـەک Wish (Evans,١٩٩٦, ٣٦). هـەر زوو ئـەم چەمکـە لـە وتـاری شـیکاری دەروونیـی «لاکان» دا بـووە بیرکردنەوەیەکـی سـەرەکیی (Ibid). تەنانـەت ئـەم چەمکـە وائـەکات «لاکان» بگەڕێتـەوە بـۆ سـپینوزا، کـە ئـارەزوو جەوهـەری مرۆڤـە (Lacan, S١١ ,٢٧٥). ئـەو ئـارەزووەی «لاکان» باسـیئەکات ئـارەزووی نائاگاییـە unconscious desire. ئەمـە بـەو مانایـە نایـەت، کـە ئـارەزووی ئاگایـی لـە شـیکاری دەروونیـی «لاکان» دا ناگرنگـە، بـەو مانایەدێـت، کـە ئـارەزووی نائـاگا خەمـی ناوەنـدی شـیکاری دەروونیـی پێکدەهێنێـت. ئـارەزووی نائـاگا ئارەزوویەکـی سێکسـییە(Evans,١٩٩٦, ٣٦).

لـە بیرکردنـەوەی شـیکاری دەروونیـی «لاکان» دا هەندێـک توخـم ئەبینینـەوە، کـە وا ئـەکات دژایەتـی نێـوان خۆشەویسـتیی و ئـارەزوو تونـدی خـۆی لەدەسـت بـدات. ئەمـەش لەبـەر چەنـد هۆیـەک. یەکـەم: خۆشەویسـتیی و ئـارەزوو بـە تـەواوی تێـر نابـن. دووەم: پێکهاتـەی خۆشەویسـتیی ئەوەیـە «بـەو ئاواتەبگـەم خۆشبویسـترێم». ئەمـە هاوشـێوەی پێکهاتـەی ئـارەزووە، کـە تێیـدا خـود، سـووژە، تامەزرۆیـە ببێـت بـە بابەتـی، ئۆبژەی، ئـارەزووی کەسـێکی تـر، وەک لـە لێکدانـەوەی کۆژێـڤ بـۆ هێـگڵ دەرئەکەوێـت، بـەم جـۆرە جۆرێـک لـە ناڕوونـی لـە ماناسـازییدا هەیـە لـە نێـوان «خۆشەویسـتیی» و «ئـارەزوو. سـێیەم: بەپێـی دیالێکتیکـی پێویسـتی/خواسـت/ئارەزو، ئـارەزوو لـەم بەشـە تێرنەکـراوەی خواسـتەوە درووسـت ئەبێـت، کـە خواسـتی خۆشەویسـتییە. بـەڵام گرنگـە

ئەوەش بزانین، کە گوتاری «لاکان» سەبارەت بە پەیوەندی ئارەزوو بە خۆشەویستییەوە زۆرجار تووشی کۆسپ ئەبێت ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەی لە نێوان ‹ئارەزوو› و ‹خۆشەویستیی›دا بەدیئەکرێت، ئەم لایەنەش لە کاتی ئاماژەدان بە دیالۆگی سیمپۆزیۆمی ئەفلاتون دەرئەکەوێت (Lacan, S٨,١٤١ ).

ئامانج لە چارەسەری دەروونشیکاری ئەوەیە، ئەو کەسەی شیکاری دەروونی بۆ ئەکرێت ئاشناکرێت بە راستییەکان سەبارەت بە ئارەزوو. باشە چۆن ئەمە دەشێت بکرێت؟ ئەمە تەنیا لە کاتی قسەکردندا دەشێت بکرێت، ئەوەش کاتێک ئەتوانرێت ئارەزووی مرۆڤ دیاریکرێت(Evans,١٩٩٦, ٣٦). لێرەوە لە شیکاری دەروونییدا ’ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە سووژە فێری ناوهێنان، خستنەڕوو، هێنانەدی ئەم ئارەزووە بکرێت‘(Lacan, S٢, ٢٢٨). لەم بارەیەوە گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە یەکێک لە پرینسیپەکانی «لاکان»، کە زۆرترین جار دووبارە ئەبێتەوە سەبارەت بە تیۆری ئارەزوو ئەوەیە: ’ئارەزووی مرۆڤ ئارەزووی ئەویترە‘((Lacan, S١١,٢٣٥. کاتێکیش ئەوترێت لە بنەڕەتدا ’ئارەزوو ئارەزووی ئەویتر‘ە(Sharpe, ٢٠٠٢)، ئەمە هەم بە مانای ئارەزووی ئەویتر دێت، هەم بە مانای ئارەزووی ناسینەوە لەلایەن کەسێکی تروە دێت. شایانی وتنە، بەبۆچوونی ئێڤانس، «لاکان» ئەم بیرۆکەیەی لە ڕێگەی کۆژیڤەوە لە هیگڵ وەرگرتووە: ئارەزوو تەنیا لەو کاتەدا مرۆییە، کە یەکێک ئارەزووی بکات، نەک جەستە، بەڵکو ئارەزووی ئەوی تر....بە واتایەکی تر هەموو مرۆڤەکان، ئارەزوویەکی مرۆیین...لە کۆتاییدا، ئارەزووی ‹پێزانینن›. (Evans,١٩٩٦, ٣٧).

«لاکان» بە درێژایی ژیانی پیشەیی خۆی وتویەتی ئارەزوو ئارەزووی ئەویترە. ئەوەی «لاکان» لەم داڕشتنە مەبەستیەتی، ئەوەیە، کە شیکاری دەروونیی ئاشکرای ئەکات، کە مرۆڤەکان پێویستە فێربن چۆن و ئارەزووی چی بکەن. تیۆری «لاکان» نکۆڵی لەوە ناکات، کە کۆرپە هەمیشە بە پێداویستییە بایۆلۆژییە سەرەتاییەکان لە جیهاندا لەدایک دەبن و پێویستیی بەردەوام یان قۆناغییان هەیە. بەڵام جەختی «لاکان» ئەوەیە، کە لە تەمەنێکی زۆر بچووکەوە هەوڵەکانی منداڵ بۆ تێرکردنی ئەم پێداویستیانە لە دیالێکتیکی ئاڵوگۆڕەکانی لەگەڵ ئەوانی تردا گیردەخۆن. چونکە مناڵ لە قۆناغی ئاوێنەدا خۆی وەک جۆرێک لە ئەوی تر ئەبینێت. هەروەها «لاکان» جیاوازی ئەکات لە نێوان ئارەزوو و پاڵنەرەکان: ئارەزوو یەکە و پاڵنەرەکان زۆرن. پاڵنەرەکان دەرکەوتنی بەشەتاکی هێزن، کە پێی ئەوترێت ئارەزوو(Lacan,XI,١٩٩٨ ).تەنانەت چەمکی «objet petit a»ی «لاکان» ئۆبژەی ئارەزووە، هەرچەندە ئەم ئۆبژەیە ئەو ئۆبژەیە نییە، کە ئارەزوو بەرەو ئەویتر مەیلی هەیە، بەڵکو هۆکاری ئارەزووە. ئارەزوو پەیوەندی نییە بە ئۆبژێ objet وە، بەڵکو پەیوەندییە بە کەمییەوە. کاتێک ئەوترێت ئارەزوو خواستی ئارەزووی ئەویترە، واتە ئارەزوو ئۆبژەی ئارەزووی ئەویترە و ئەو ئارەزووەش ئارەزووی ناساندنە. لەم بارەیەوە «لاکان» شوێنکەوتوی کۆژێڤ Kojève ە، کە ئەویش لەژێر کاریگەریی هێگڵ دایە: بۆ کۆژێڤ سووژە ئەبێت ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە ئەگەر بیەوێت ئارەزوو بەدەستبهێنێت (Kojève, ١٩٦٩, ٣٩). ئەم ئارەزووە بۆ ئەوەی ببێت بە ئۆبژەی ئارەزووی کەسێکی تر، بە باشترین شێوە لە گرێی ئۆدیپدا دەرئەکەوێت، کاتێک سووژەکە ئارەزووی ئەوە ئەکات، کە ببێت بە فالوس phallus ی(ئامرازی نێرینە) دایک.

«لاکان» لە کتێبی «چەوساندنەوەی سووژە و دیالێکتیکی ئارەزوو لە نائاگایی فرۆیددا»(Lacan, ٢٠٠٤)، پێداگیریی لەوە ئەکات، کە سووژە لە ڕوانگەی کەسێکی تروە ئارەزوو ئەکات. لێرە «لاکان» لەڕێگای

کۆژێڤـەوە یەتەگـۆ. ئـارەزوو لـە هیسـتریادا ئامادەیـە Hysteria ، چونکـە هیسـتریا کەسـێکە، کـە ئـارەزووی کەسـێکی تـر دەگۆڕێـت بـۆ ئـارەزووی خـۆی. ئـەو کاتـە ئـەوەی گرنگـە لـە شـیکاری هیسـتریادا، دۆزینـەوەی ئۆبـژەی ئـارەزوو نییـە، بەڵکـو دۆزینـەوەی ئـەو بابەتەیـە، کـە خـۆی لەگەڵیـدا ئەناسـێنێت (Evans,١٩٩٦).

لای سـەرەوە ئـەوە روونبـوەوە، کـە «لاکان» بـە توندی ئـارەزوو بـە خۆشەویسـتییەوە دەبەسـتێتەوە. بـە گوێـرەی دیـلان ئیڤانـس ئـەم دوو چەمکـە بـە شـێوەیەکی گشـتی دژ بەیەکـن، بـەڵام خاوەنـی تایبەتمەندییەکـن، کـە هاوشێوەی یەکترن. جیـاوازی نێوانیـان زیاتـر نـاڕوون ئەبێـت بەهـۆی گۆڕینـی زاراوەیـەک لەلایـەن «لاکان»ەوە بـۆ زاراوەیەکـی تـر. بـۆ نموونـە «لاکان» لـە سـێمیناری هەشـت دا بـاس لـە گرینگتریـن بابەتاکانـی سیمپۆزیۆمی ئەفلاتـون ئـەکات، کـە ئـارەزووی خۆشەویسـتیی دەگرێتەوە(Demandante,١٠٣,٢٠٠٤).بەبۆچوونـی دیلان ئێڤانس ئاڵۆزتریـن بـوار بـۆ «لاکان» پەیوەنـدی بـە پەیوەندییەکانـی نێـوان خۆشەویسـتیی و ئـارەزووەوە هەیـە. لـە لایـەک هـەردوو چەمکەکـە لەسـەر جەمسـەری دژبەیـەک بوونیـان هەیـە و لـە لایەکـی ترشـەوە بوونـی هەندێـک خاڵـی لێکچـوون لـە نێـوان ئـەو دوو چەمکـەدا ئـەم دژایەتییـە پێکدەهێنێـت(Evans,١٠٥,١٩٩٦).

## باسی دووەم: کەمیی Manque و ئارەزوو

هەسـت بـە کەمیـی Manque/ Lack بابەتێکـی گرنگـە لـە فەلسـەفەی شـیکاری دەروونیـی «لاکان» دا. «لاکان»انـە بدوێیـن، گـەر خۆشەویسـتیی لـە پەیوەنـدی دابێـت بـە ئـارەزووەوە ئـەوا کەمیـی درووسـتکەری ئـارەزووە. بۆیـە لای «لاکان» کەمیـی چەمکێکـە لـە پەیوەندیدایـە بـە ئـارەزووەوە. لـە سـێمیناری گوازتنـەوەش Le transfert دا ، کـە لەمـاوەی سـاڵانی ١٩٦٠-١٩٦١ دا سـازیکردووە، «لاکان» کەمیـی بـە هـۆکاری نەشـونمای ئـارەزوو ئەزانێـت(Lacan ,٢٠٠٩/١٩٩٧ ). ژاک ئالێـن میلێـر، کـە راڤـەکاری هـزری «لاکان»ە، لـەو باوەڕەدایـە، کـە بـۆ خۆشویسـتن، ئەبێـت دان بـە کەمیـی خۆتدا بنێیـت، و بزانیـت کـە پێویسـتت بـە ئەویـترە، کـە بیـری ئەکەیـت. ئەوانـەی پێیـان وایـە کـە خۆیـان تـەواون، یـان ئەیانەوێـت بـن، نازانرێـت چـۆن خۆشبویسـترێن(Miller, ٢٠١٣). کەواتـە، مـرۆڤ ئـارەزووی ئۆبژێـک ئـەکات کـە بتوانێـت لـە شـوێنی کەمییەکـەدا دایبنێـت.

سـەرباری ئـەوە، ئامـاژە بـۆ ئـەوەش ئەکەیـن، کـە زاراوەی کەمیـی (نەبوونـی) لـە شـیکاری دەروونیـی «لاکان» دا هەمیشـە پەیوەنـدی بـە زاراوەی ئـارەزوەوە هەیـە. ئـەوە کەمییـە، کـە ئەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی ئـارەزوو (Lacan,S٨, ١٣٩ ). بـەڵام سروشـتی وردی ئـەوەی کـەم بـووە بـە درێژایـی کارەکانـی «لاکان» دەگۆڕێـت. ئـەم زاراوەیـە لای «لاکان» بـۆ یەکەمجـار لـە سـاڵی ١٩٥٥دا دەرئەکەوێـت، کـە مانـای بـە کەمیـی بـوونà manque être دێـت (لێـرەدا «لاکان» هاوتەریبییەکـی نزیکـی لەگـەڵ چەمکـی بـوون être / being ی سـارتەر هەیـە). ئـەوەی ئـارەزوو ئەکرێـت خـودی بوونـە. ئارەزوو پەیوەنـدی بوونـە بـە کەمییـەوە (Evans, ١٩٩٦, ٩٨-٩٩ ). هـەر تایبـەت بـە کەمیـی، ئێڤانـس ئامـاژە بـۆ ئـەوەش ئـەکات، کـە کەمیـی کەمیـی بوونـی قسـەکردنە بـە شـێوەیەکی درووسـت. ئـەوە کەمیـی ئـەم یـان ئـەو نییـە، بەڵکـو کەمیـی بـوون être /being ە، کـە بوونەکـە بەهۆیـەوە بوونـی هەیـە' (Lacan, S٢, ٢٢٣). «لاکان» لـە سـاڵی ١٩٥٨دا ئەگەڕێتـەوە سـەر ئـەم تـەوەرە، کاتێـک ئەڵێـت ئـارەزووی میتۆنیمـی metonymy کەمیـی بوونـە. «لاکان» کەمیـی بـوون، کـە پەیوەنـدی بـە ئـارەزووەوە هەیـە لەگـەڵ کەمیـی هەبـوون (manque à avoir/ lack of having)، کـە پەیوەنـدی بـە خواسـتەوە هەیـە، بـەراورد

ئـەکات (Lacan, Ec ,٧٣٠).

سروشـتی خەیاڵیـی خۆشەویسـتیی لـە سـووژەوە سـەرچاوە دەگرێـت وەک سـووژەی نەبوونـی. لـە بنەڕەتـدا سـووژە خاوەنـی هیـچ شـتێکی تـر نییـە جگـە لـە ناسـنامە خەیاڵییەکانـی ئیگـۆ و ئـارەزووی هێمایـی بـۆ تەواوبـوون وەک سـووژەکەی تـر. خـود خودێکـی بەتاڵـە و بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ بتوانێـت ئـەم خـودەی خۆشـبوێت، ئەبێـت درک بـەم بۆشـاییە یـان کەمییـە لەنـاو خـوددا بـکات. لێـرەوە دەرئەکەوێـت، کـە خۆشەویسـتیی هیـچ نییـە، ئەمـەش لەبەرئـەوەی خۆشەویسـتیی لەسـەر بنەمـای کەمیـی دامـەزراوە. خۆشەویسـتیی بەخشـین یـان خۆشەویسـتییکردن ئـەوە دەگەیەنێت، کـە مـرۆڤ نەبوونـی لـە بوونەکەیـدا بناسـێت و ئـەم کەمییـە بـدات بـە ئەویـتر(Demandante,١٠٩,٢٠٠٤).

«لاکان» و لاکانناسـەکان، لەوانـە میلێر،پێناسـەی خۆشەویسـتیی بـە کردیەکـی سـنووردار،ناکامڵ، ئەبینـن و ئەڵێـن: «خۆشەویسـتیی ئـەو شـتەت دەداتـێ کـە نیتـە» ،هـاوکات پێیانوایـە، کـە ئێمـە ئـەو کەسـەمان خـۆش ئەوێـت، کـە بـە جۆرێـک تەواوکـەری کـەم و کوڕییەکانـی خۆمانـە. هاوبەشـەکانمان وەک مۆدیلێکـە بـۆ ئـەوەی کار لەسـەر بەشـە تەواونەکراوەکانـی خۆمـان بکەیـن؛ واتـە ئـەم خۆشەویسـتییە بۆئەوەیـە، کـە بەسـەر کـەم و کوڕییەکانمان زاڵبیـن، ئەمـەش وائـەکات، کـە لـە کۆتاییـدا ببیـن بـە 'یـەک' کـەس. ڕاگەیاندنـی خۆشەویسـتییمان بـۆ کەسـێک وامـان لێئـەکات لاواز بیـن چونکـە لـە وتنـی «خۆشـمئەوێت»، ئـەوە دەڵێیـن کـە هێشـتا نیـن و کەمییـن، واتـە کـە دەڵێیـن خۆشـمئەوێیت بۆئەوەیـە کـە ببـم، هەبـم. بەمجـۆرە تێگەیشـتنە «لاکان»یانەییـە بێـت بـۆ خوشەویسـتی مـن نیـم پێـش وتنـی خۆشەویسـتییەکە(Miller,٢٠١٣).

لـە هەسـتکردن بـە سنوورەکانی خۆمـدا خۆشەویسـتیی ئەبێتـە خۆنمایشـکردنێک کـە تێیدا هەوڵدەدەم ئەو کەسـە سەرسـام بکـەم و ئـەو شـتە بـە بەرانبەرەکـەم ببەخشـم، کـە خـۆم نیمـە و دەمەوێـت شـتێکی لێیـوە فێربـم و ببـم بـە کەسـێک بوونـم هەبێـت. لەبـەر ئـەم هـۆکارە ئەبینیـن لـە تێکسـت و شـیعرەکاندا خۆشەویسـتیی هیوایەکـی زۆری پێئەدرێـت و وەک رزگارکەریـش تەماشـائەکرێت، ئەمـەش وائـەکات ئـەو کەسـەی کەسـێکی خـۆش ئەوێـت پێـی وا بێـت کەسـێکی باشـی لێدەردەرئەچێـت. خۆشەویسـتیی بەهـۆی ئـەم ئـارەزووە بەهێـزەوە دەجووڵێـت بـۆ باشـتربوون، گۆڕانـکاری، گەیشـتن بـەو هەسـتە تەندرووسـتەی، کـە ئـەو کەسـەی خۆشەویسـتییەکات ئـەگات بـەوەی کامڵبوونێـک(Ferrarello, ٢٠٢٠). لاکانانـە بدوێیـن، خۆشەویسـتیی ئارەزوویەکـی سـنوردارە، چونکـە خۆشەویسـتیی ئاراسـتەکەی بـەرەو ئـەوێ نییـە، کـە ئۆبـژەی خۆشەویسـتیی هەیەتـی، بەڵکـو ئاراسـتەکەی بـەرەو ئـەو کەسـەیە، کـە کەمیـی هەیـە، بـەرەو ئـەو هیچـەی لـە دەرەوەی ئـەو دا ئامادەیـە(Lacan, S٤, ١٥٦).

## ئەنجام:

لەبەرئـەوەی کێشـەی خۆشەویسـتیی کێشـەی هەموانـە، ئەمـە وائـەکات لـە ئاسـتی مانـا زۆر شـت لەسـەری بگوترێـت. بۆیـە ئەزموونـی بابەتـەکان یـان کەسـەکان، کـە جیـاوازە ئەمـە کێشـەیەک لـە مانـادا درووسـت ئـەکات. «لاکان»، بـە شـێوازی شـیکاری دەروونیـی خـۆی، ئاسـانکاریی بـۆ تێگەیشـتن لـە چەمکـە فرۆیدییـەکان کـرد، لەوانـە چەمکـی خۆشەویسـتیی. لەوێـوە، لـە ڕێـگای شـیکاری دەروونیـی بنەماییـەوە کاری لەسـەر نائاگایـی وەک زمـان کـردووە و ئەمـەش کاریگەریـی لەسـەر لێکدانەوەکانـی بـۆ خۆشەویسـتیی و ویسـت بـۆ خۆشەویسـتبوون دانـاوە.

خۆشەویستیی بەشێکە لە شیکاری دەروونیی «لاکان» پاش گەرانەوەی «لاکان» بۆ فرۆید. ئەمە تەنیا کاتێک بەرجەستە ئەبێت لە شیکاری دەروونیی «لاکان»، کە کەمیی وەک بنەمایەک ئەبینرێت بۆ گەیشتنی خود بە ئەویتر.

ئارەزوو لای «لاکان» رەهەندێکی نائاگایی هەیە و نائاگاییش زمانە و بنەمای خۆی هەیە. نائاگایی میکانیزمی خۆی لەناو سایکۆلۆجیای مرۆڤدا هەیە و ئەم مرۆڤەش کەسێکی هێماییە و بەرماوەی ئاگایی نییە. ئەمە وائەکات زمان راستییەکی بووناوی بێت بۆیە چەمکی ئارەزوو لای «لاکان» ئاماژەیە بۆ ئارەزووی نائاگا و ئارەزووی نائاگاش خەمی سەرەکیی شیکاری دەروونی پێکدەهێنێت.

بابەتی خۆشەویستیی پەیوەندی نێوان من و ئەویترێکە و بۆ تەواکردنی کەموکورییەکانیشە لە خوددا. ئەو شتەی ئەو دوو لایەنە دەیدەن بەیەکتر هیچ لایەکیان نیانە و خۆشەویستیی لەم جۆرەش کۆششە بۆ دانهێنان بە هەبوونی خۆدا.

گەر خۆشەویستیی بریتی بێت لە پەیوەندی، بۆ «لاکان» خودی پەیوەندی مرۆیی لە ئالۆزییدایە. بۆیە لە دەرئەنجامدا پەیوەندی خۆشەویستیی شتێکی ئاسان نییە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکیتر پەیوەندی رەگەزی نێر و مێ بەجۆرێکە، کە هیچ لەم رەگەزە بەباشی یەکناناسن. ئەوەی ، کە باش یەکناناسن سەرەتایە بۆ درووستنەبوونی پەیوەندییەکی خۆشەویستیی. ئەم دوو رەگەزە ئەوەی بەرامبەر یەکتر دەیکەن خۆشەویستیی نییە، وێناکردنە لەسەر یەکتر و درووستکردنی ئەو جۆرە خەونەیە لە منالییەوە دوو رەگەزەکە لەسەر یەکتر هەیانە. واتە خۆشەویستیی سەر بە پانتایی وێناکردنە، ئەمە وائەکات خۆشەویستیی وەک وێناکردنی خود لە ئەویتردا بوونی هەبێت.

# Psychoanalytic view of Jacques Lacan on love


## Abstract

Jacques Lacan (19011981-) was not only a French psychoanalyst, but also a Western psychoanalytic thinker and a prominent name in the history of psychoanalysis by teaching lectures and holding weekly seminars, he made significant changes in psychoanalysis, taking Freud's psychoanalysis to another stage and giving a philosophical dimension to Freud's thought, which is why we call him the Freud of France. In addition to psychoanalysis, philosophy and linguistics are two of Lacan's most important fields of work.

This research is an attempt at Lacan's psychoanalytic view of love. The research considers the foundations of the concept of love in Lacan's psychoanalysis and then develops it towards Lacan's philosophical views. At the same time, Lacan's psychoanalytic view of love is related to desire, lack, need, desire, and unconsciousness as the basis of language, narcissism, and Lacan's psychoanalytic system, which consists of three aspects: real, imaginary and symbolic. Finally, the principle of love in Lacan's psychoanalysis is to "give what you are not". This forms a major part of the basis of this

research.
To arrive at a comprehensive view of Jacques Lacan's psychoanalysis of love, an attempt has been made to answer the following questions: Does Lacan's psychoanalysis provide us with anything concrete about love? The essence of love in Lacan's psychoanalysis gives us a picture of Lacan's psychoanalytic method of desire. Why does a lack of Lacan's psychoanalysis define the phenomenon of love?
The essence of love in Lacan's psychoanalysis gives us a picture of Lacan's psychoanalytic method of desire.
We have also reached several conclusions, the most important of which is that the research is an attempt to discuss the various characteristics of love in Lacan's psychoanalysis, which are reflected in Lacan's work Psychoanalysis speaks more precisely than love.
Keywords: Jacques Lacan's psychoanalysis, love, desire, lack, need, unconscious.

لیستی سەرچاوەکان

Bowie, Malcolm. Lacan, London: Fontana. 1991.
Demandante, Darlene. Lacanian Perspectives on Love. Kritike volume eight nr one (June 2014) 102118-.
http://www.kritike.org/journal/issue_14/demandante_june2014.pdf
Evans, Dylan. An Introductory Dictionary of Lacanian Psychoanalysis. Routledge; 1996.
Ferrarello, Susi. 'Love or Projections?' / Psychology Today. 2020.
https://www.psychologytoday.com/intl/blog/lying-the-philosophers-couch/202010/love-or-projections
Fink, Bruce, The Lacanian Subject: Between Language and Jouissance. Princeton University Press, 1996.
Fink, B. A Clinical Introduction to Lacanian Psychoanalysis. Harvard: Harvard University Press.1999.
Fink, B. Lacan on love: an exploration of Lacan's Seminar VIII, Transference. Cambridge, MA: Polity.2016.
Foiles, Jonathan. Falling in Love With Love. 2018
https://www.psychologytoday.com/intl/blog/the-thing-feathers/201803/falling-in-love-love
Foiles, Jonathan. Love Is Giving What You Don't Have. 2018.
https://www.psychologytoday.com/intl/blog/the-thing-feathers/201803/love-is-giving-what-you-

dont-have

Gelder, Michael. “Psychiatry”, P. 12. Oxford University Press Inc., New York.2005.

Grigg, R. Lacan, language and philosophy. Albany: SUNY Press.2008.

Gulliksson. Håkan. Hållbart förförd till extas. 2018.

https://books.google.iq/books?id=TNtwDwAAQBAJ&pg=PA52&lpg=PA52&dq=H%C3%A5kan+Gulliksson

Jacobus, Mary. The poetics of psychoanalysis: in the wake of Klein. Oxford New York: Oxford University Press.2005.

Johnston, Adrian. Jacques Lacan. Stanford Encyclopedia of Philosophy.2013.

https://plato.stanford.edu/entries/lacan/

Kojève, Alexandre, Introduction to the Reading of Hegel, translated by James H. Nichols Jr. New York: Basic Books .1969.

Lacan, Jacques, The Seminar of Jacques Lacan Book XX: On Feminine Sexuality The Limits of Love and Knowledge Encore, ed. By Jacques Alain-Miller, trans. by Bruce Fink. New York and London: Norton and Company, 1975.

___________, De la psychose paranoïaque dans ses rapports avec la personnalité, Paris, Editions du Seuil, 1975 (1932).

___________, Ecrits: A Selection, trans. by Alan Sheridan.New York: Norton & Company, 1977.

___________, The Seminar of Jacques Lacan Book XI: The Four Fundamental Concepts of Psychoanalysis, ed. Jacques Alain-Miller, trans. by Alan Sheridan (New York and London: Norton and Company, 1981.

___________, The Seminar of Jacques Lacan Book I: Freud’s Paper on Technique 19531954-, trans. by Jacques Alain-Miller. Cambridge: Cambridge University Press, 1988.

___________, The Seminar of Jacques Lacan Book II: The Ego in Freud’s Theory and in the Technique of Psychoanalysis 19541955-, trans. by Jacques Alain Miller. Cambridge: Cambridge University Press, 1988.

___________, Seminar VIII: On Transference 19601961-, ed. by Jacques Alain- Miller. Paris: Seuil, 1991.

___________, Le Séminaire de Jacques Lacan. Livre XX: Encore, 1972--1973. Translation: The seminar of Jacques Lacan. Book XX, Encore transl. by Bruce Fink 1998.

___________, The Four Fundamental Concepts of Psychoanalysis, The Seminar of Jacques Lacan, Book XI, ed. Jacques-Alain Miller, Tr. Alain Sheridan, W. W. Norton & Company, 1998.

____________, Transference, The Seminar of Jaques Lacan, Book VIII, (1960– 1961), tr. Cormac Gallagher, Karnac publisher, 2002.

____________, Internet Encyclopedia of Philosophy
https://iep.utm.edu/lacweb/

____________, Écrits: A Selection translated by Bruce Fink.W. W. Norton & Company, 2004.

____________, Transference: The Seminar of Jacques Lacan, Book VIII 1st Edition Polity; 1st edition. 2015.

____________,The Seminars of Jacques Lacan . 19972009/
https://www.lacan.com/seminars1.htm

Macey, David. "Introduction", Jacques Lacan, The Four Fundamental Concepts of Psycho-Analysis. London 1994.

Miller, Jacques-Alain: On Love. We Love the One Who Responds to Our Question: "Who Am I ?"An interview with Jacques-Alain Miller. Translated from the French by Adrian Price for NLS Messager.
2013 https://artandthoughts.fr/201303/12//jacques-alain-miller-on-love/

Reeder, J. Tala/lyssna. En essä om den specifika skillnaden i Jacques Lacans psykoanalys. 1992.

Roudinesco, Elisabeth. Jacques Lacan & Co: A History of Psychoanalysis in France, 19251985-, University Of Chicago Press, 1990.

Roudinesco, Élisabeth. Histoire de la psychanalyse en France, Paris, Fayard, coll. « La Pochothèque », 2009.

Salecl, Renata, Perversions of Love and Hate, London and New York: Verso, 2000.

Sharpe, Matthew. Jacques Lacan. Desire is the Desire of the Other.
Internet Encyclopedia of Philosophy. 2002. https://iep.utm.edu/lacweb

Wallenstein, Sven-Olov. Vem är rädd för Lacan?Tankekraft Förlag. 2017.

Žižek, Slavoj. The Plague of Fantasies. London: Verso 1997.